وەرگێڕانی کتێب

ڕەخنەگرتن لە گوتاری دینی

٧

- بەشی چوارەم -
نووسینی : د. نەسرحامد ئەبو زەید
وەرگێڕانی : ئیسماعیل ڕاجی

یەکەم/ میکانیزمەکانی گوتاری دینی:
لەشیکردنەوەی هەر گوتارێکدا، جیاکردنەوەی میکانیزمەکان لە چاڤك‌و سەرەتاگە فکریەکان بەکارێکی سەخت‌و دژوار دادەنرێ، چونکە هەریەکەیان ئەوی دیکە دەگرێتەخۆی‌و گرۆڤەیەکی پەیوەست‌و پێکبەستانەی لێدەکات. میکانیزم‌و چاڤگەکانیش هەتا ئاستی یەکبوون بەشێوەیەکی وەها بەناویەکدادەچن کە لێکجوداکردنەوەیان دەبێتە شتێکی مەحاڵ. ئەو پێکداچوونەش ناوناوە لە شیکردنەوەکەماندا دەبێتە مایەی جووینەوەو دووبارەکردنەوە، کە دەخوازین لەسەروو هێزو وزەی ئارامگرتنی خوێنەرەوە نەبێت. هەر کاریگەری‌و شوێنەواری ئەم پێکداچوونەش بوو وای لێکردین کە دوودڵ بین لەوەی ئایا لە کامیانەوە دەست بەم شیکردنەوەیەمان بکەین: ئایا لە میکانیزمەکانەوە دەست پێبکەین یان لە چاڤگ‌و سەرەتاگەکانەوە؟؟. بەهەرحاڵ بەبێ لاسەنگکردن‌و بەلادا شکاندن لە میکانیزمەکانەوە دەستمان پێکرد. لە ڕاستیشدا ئەم دەستپێکردنە بێجگە لە هەستکردنێکی خامۆش بەوەی کە چاڤگەکان - لانیکەم لەڕووی بیرسایی‌و وێنەییەوە- لەسەر میکانیزمەکان ڕۆدەنرێن‌و دادەمەزرێن، شتێکی دیکە نەبۆتە پاڵنەری ئەم دەستپێکردنە. سەرەرای ئەوەی کە لەبڕگەی پێشووتردا هەندێك چاڤگی گوتاری دینیمان نمایشکرد، ئومێد دەکەین کەبەر لە باسکردنی گرنگترین‌و ترسناکترین چاڤگە فکریەکانی، ڕێگای سەرەتایەکی پێویستیشی بۆ شیکردنەوەی میکانیزمەکانی ئەم گوتارە خۆشکردبێ.

هەرچەندە ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا لەسەر پێنج میکانیزم هەڵوێستە دەکەین‌و باسیان دەکەین، بەڵام پێویستە کە سوورو ڕژد نەبین لەسەر ئەوەی کە ئەو پێنج میکانیزمانە هەموو میکانیزمەکانی دیکەی گوتاری دینی دەگرنە خۆیان، لەبەرئەوە، بێگومان، بواری دۆزینەوەو خستنەسەر- بەقوولی‌و وردییەکی زێتر لەشیکردنەوەدا - کراوە دەبێ، جا چ بەگوێرەی میکانیزمەکانەوە بێت یاخود بەگوێرەی چاڤگەکانەوە بێت. ئەم پێنج میکانیزمانەش - بە مەزەندەی ئێمە - بریتین لەو میکانیزمە بنەرەتی‌و گەوهەریانەی کە کۆنترۆڵ‌و جڵەوگیری تێکرای گوتاری دینی دەکەن‌و زاڵ دەبن بەسەریدا. هەمان جڵەوگرتن‌و زاڵبوونیش دوو سەرەتاگەو چاڤگی فکری دەگرنەوە، کەدواتر شرۆڤەو شیکارییان بۆ دەکەین. پێنج میکانیزمەکانیش بریتین لە :-

-١یەکبوونی نێوان فکرو دین.
-٢گەڕاندنەوەی دیاردەکان بۆ یەك بنەما.
-٣ پشتبەستن بەدەسەڵاتی کەلەپوورو پێشین.
-٤دڵنیایی دینی‌و یەکلاکردنەوەی هزریی.
-٥ بەفیڕۆدانی ڕەهەندی مێژوویی.

-١یەکبوونی نێوان فکرو دین:-
لەترووکە سەرەتاییەکانی مێژووی ئیسلام‌و - لەماوەی دابەزینی سرووش‌و پێکهاتنی دەقەکاندا- شتێك لە پێزانینێکی جێگیر هەبوو بەوەی کە دەقە دینیەکان بواری چالاکیەکانیان تایبەتەو، بوارەکانی دیکەش ملکەچی چالاکیەکانی ئەقڵ‌و هۆشی مرۆیی‌و شارەزایی‌و کارامەیی مرۆڤ دەبن‌و، چالاکی دەقەکانیان پێوە نابەسترێتەوە. موسلمانە بەراییەکانیش زۆرجاران سەبارەت بەم هەڵوێستە پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کە ئایا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پێغەمبەر(د. خ)، واتە (بەڕێوەبردنی کاروبارەکان)، بەرفەرمانی سرووش بوون، یان بەرفەرمانی شارەزایی‌و کارامەیی‌و ئەقڵ بوون؟؟

موسلمانانی بەرێ، زۆرجاران لەسەر هەندێك کارو ڕەفتار لەگەڵ پێغەمبەردا ناکۆك دەبوون، ئەگەر بوارەکەش بوارێکی تایبەت بوایە بەبواری ئەقڵ‌و شارەزایی‌و کارامەییەوە، پێشنیاری جۆرێك لەکارو ڕەفتاری دیکەیان بۆ دەکرد. نمونەش لەسەر ئەمە هێندە زۆرە کە هەموو هۆیەکانی گوتاری دینی‌و ئامرازەکانی : وەك کتێب‌و وتارو پەندداوان‌و بەرنامەو قسەکردنەکانی پێدەئاخنرێ. هەرچەندە گوتاری دینی گورو تین‌و تاوی چالاکی دەقە دینیەکان بۆ هەموو بوارەکان درێژدەکاتەوەو تەرخانیان دەکات، بەڵام ئەو جیاوازیانەش پشتگوێ دەخات کە لەسەر پرینسیپی (ئێوە، کاروباری دنیایی خۆتان باشتر دەزانن) هاتوونەتە کایەو دارێژراونەتەوە.

گوتاری دینی هەر بەمەوە ناوەستێ، بەڵکو بەشێوەیەکی ئامێزەکی یەکبوونێکیش لەنێوان دەقە دینیەکان‌و خوێندنەوەو لێتێگەیشتنیان دەسازێنێ. بەم یەکبوون‌و یەککردنەش تەنها ماوەی مەعریفیانەی نێوان (خود)و(بابەت) هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو لەوەشی تێدەپەڕێنێ تا دەگاتە بانگەشکردنێکی - ناوپۆشکراو- بۆ تواناکانی لەسەر تێپەڕاندنی هەموو مەرج‌و لەمپەرو ئاستەنگە بوونەکی‌و مەعریفیەکان‌و گەیشتن بەو مەرامە خوداوەندیەی کە لەو دەقانەدا پەنهان کراوە. لەم بانگەشە ترسناکەشدا گوتاری دینی بەوە نازانێ کە دەچێتە ناو ناوچەیەکی قڕو بڕو تێکچرژاوی وەهاوە کە ناوچەو تخووبی (قسەکردنە بەناوی خواوە)، ئەمەش تخووب‌و ناوچەیەکی وەهایە کە گوتاری دینی - بەدرێژایی مێژووی خۆی، بێجگە لەچەند هەڵاواردنێکی کەم- نەیوێراوە لەو تخووبە نزیك بکەوێتەوە. سەیرەکەش لەوەدایە کە گوتاری هاوچەرخی دینی لەمیانی قسەکردن‌و ئاخاوتنیدا سەبارەت بە هەڵوێستی کڵێسا لەبەرامبەر زانست‌و زانایان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەم ڕێبازە کرێتدارو خەوشدارو ریسوا دەکات.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم میکانیزمە، لەگەڵ میکانیزمەکانی دیکەدا بەناویەکدا دەچێ‌و تێکدەئاڵێ، بۆ نمونە دەشێ میکانیزمی (دڵنیایی ئەندێشەیی‌و یەکلاکردنەوەی فکری) بەیەکێك لە ئەنجامەکانی بژمێردرێ. هەرچەندەش ئەمە سەربەخۆییەکەی ڕەتناکاتەوە بەوەی کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی گوتاری دینی. بەڵام میکانیزمی (بەفیڕۆدانی ڕەهەندی مێژوویی) لەلایەنێکیەوە - بەبەشێك لە بونیادی میکانیزمی (یەکبوونی نێوان فکرو دین)و، یەکبوونی نێوان (تێگەیشتن)و (دەق) دەژمێردرێ، ئەوەتا (تێگەیشتن) کاریگەری بەسەر ئێستادا دەنوێنێ، کەچی دەقەکە - لانیکەم زەمان- ئینتیمای بۆ ڕابردوو دەبێ، لەمەشدا هەردەبێ پشت بە (بەفیڕۆدانی ڕەهەندی مێژوویی) ببەستێ. گوتاری هاوچەرخی دینییش لەهەموو ئەو شتانەدا وا دەردەکەوێ کە لەو شتە ساغلەم‌و بێگومان‌و سەلێنراوانەوە دەردەچێ کە هیچ قسەو ستێزو گفتوگۆیەك هەڵناگرن. لە برگەی پێشوودا هەندێك لەو گەواهی‌و ڕوونکردنەوانەمان بینی کە وێنەنوێنی ئەو یەکبوونەی نێوان فکری مرۆڤ و دین دەکەن، هەمووشیان - بە ئەلف‌و لامی گفت‌و بەڵێن- باس لە (ئیسلام) دەکەن، بەبێ ئەوەی کە بچووکترین گومان‌و دوودڵی خۆیان بشارنەوەو وا دەزانن کە لە ڕاستیدا تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئیسلام یان بۆ دەقەکانی دەخەنەڕوو، تەنانەت پشتبەستنیشیان بە بیرورای پێشینان‌و ئیجتیهادەکانیان کە زۆرجاران بۆ جیاکردنەوەی لەو (قەڵب‌و نەساغەی) کە وێنەنوێنی ئیجتیهادێکی دیکە دەکات‌و خەسڵەتی (ساغ‌و ساغلەم) یان دەدرێتەپاڵ، ئەوانیش بوون بە پشتبەستنێك بۆ (ئیسلام). ئەگەر لێرەشدا بڕیار لەسەر ئەم ئیجتیهادو ئەو ئیجتیهاد نەدەین، ئەوا ئەو شتەی کە لێرەدا سەرقاڵمان دەکات، بەهای ئەو ئیجتیهادە نیە لەخودی خۆیدا، بەڵکو سەرقاڵی‌و کاری بنەرەتیمان بریتیە لە ئاشکراکردنی ئەو قەناعەتەی کە لە گوتاری دینیدا خۆی بە خاوەنداری (ڕاستی‌و ڕاستەقانی) دەزانێ. ئەمەش قەناعەتێکە وای لێکردووە کە واز لە زۆرێك لە تایبەتمەندی‌و خەسڵەتە چاکەکانی گوتاری سەلەفی بهێنێ.

یەکێك لەنوێنەرانی ڕەوتی میانڕەو دەڵێ :- (ئیسلامی پێشکەوتنخوازو ئیسلامی کۆنەپەرست بوونی نیە، هەروەها ئیسلامی شۆڕشگێڕو ئیسلامی خۆبەدەستەوەدەر بوونی نیەو، ئیسلامی سیاسی‌و ئیسلامی کۆمەڵایەتی، یان ئیسلامێك بۆ دەسەڵاتداران‌و ئیسلامێکیش بۆجەماوەر بوونیان نیەو، تەنها یەك ئیسلام هەیە، یەك کتێب - قورئان- هەیە کە خوا بۆ نێردراوی خۆی ناردووەو، ئەویش بەخەڵکی ڕاگەیاندووە). ئەم قسەیەش خودی مێژووی ئیسلام دژایەتی دەکات‌و بەراوەژووی دەکاتەوە، ئەو مێژووەی کە گەواهیدەرە لەسەر (فرەیی - پلۆرالیزم) ئاراستەکان‌و (گروپەکان) کە لەبەر هەر هۆیەکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی بەراقەکردن‌و ئیجتیهادەکانیان لە تێگەیشتنی دەقەکان هەڵوێستەکانی خۆیانیان دارشتووە. بەڵام ئەم پێداگرتن‌و سووربوونە لەسەر هەبوونی یەك ئیسلام‌و، ڕەتکردنەوەی بەکردەوەی پلۆرالیزم، بە چاوپۆشیکردن لە نیازو مەرامەکانی ئەو نووسەرو ئەم نووسەر، دەبنە مایەی بەدەستهێنانی دوو ئەنجام:

ئەنجامی یەکەم/ ئەوەیە کە ئیسلام تاکە واتایەکی جێگیرو کرەکی هەیەو بزاڤی مێژوو هیچ کارێکی تێناکات‌و، بەجیاوازبوونی کۆمەڵگەکانیش هیچ کاریگەریەکی بەرناکەوێ، ئەمە وێرای فرەیی‌و جیاوازبوونی کۆمەڵگەو گروپەکانی بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکانیان لەناو یەك کۆمەڵگادا.

ئەنجامی دووەم/ ئەم تاکە واتا کرەك‌و جێگیرە، تەنها کۆمەڵێك لە مرۆڤەکان هەیانەو دەیانگرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە (زانایانی ئایینی‌و بەس)، ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیەش (زانایانی ئایینی)لەهەموو هەواو ئارەزووو لایەنگیری‌و لایەنداری مرۆیی‌و سروشتی بێبەرین.

بەڵام گوتاری دینی هەرگیز مل بۆ ئەنجامە بیرساییەکانی زۆرێك لە بیروراکانی خۆی نادات‌و دانیان پێداناهێنێ، بەڵکو، ئەم گوتارە زۆرجاران بیرۆکەیەك‌و دژەکەی پێکەوە کۆدەکاتەوەو کۆك‌و تەبایان دەکات. هەر هەمان نووسەر لەتەوەرو میانەیەکی دیکەدا دەڵێ :- (هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلام هەڵدەیتەوە، دەبینی کە لاپەڕەیەکی سپی‌و سفت‌و سۆڵ‌و بریقەدارە لە هەموو قۆناغێکدا، بە زمانێکی ڕەوان‌و بەدەربڕینێکی ڕاشکاوانە نووسراوە:- خۆتان چۆن بن، دینەکەشتان وەها دەبێ).

نووسەرێکی دیکەش باس لە دوو جۆر ئیسلام دەکات:-
یەکەمیان/ ئیسلامێکی (ڕام‌و دەستەمۆ) کە دەسەڵاتی سیاسی دەستخۆشی لێدەکات‌و دەیپارێزێ.
دووەمیشیان/ ئیسلامێکی (ڕاستەقینە)؛ ئیسلامی قورئان‌و شەریعەت‌و، ئیسلامی یاوەران‌و شوێنکەوتووان.

ئیسلامی (ڕاستەقینە) لەڕوانگەی ئەم نووسەرەوە، بریتیە لەو ئیسلامەی کە زانایان بەروون‌و ڕۆشنی‌و ڕەوانی لەوتارەکانیاندا ناوی دەهێنن‌و قسەی لەسەر دەکەن، چونکە - هەر ئەوان- توانامەندن لەسەر تێگەیشتن لە ئیسلامی ڕاست‌و دروست‌و ساغلەم. واتای ئەمەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ڕاڤەکردن‌و لێکدانەوە نابێ لەم جوغزو بازنەیە تێبپەڕێ، (ئەگەر یەکێك لەسەروو قورئان‌و شەریعەتەوە داواو بانگەشە بکات‌و، پلارو تانووت لە زانایانی میللەت بدات، ئەوا باوەری بە ڕاسپاردەکانی دین نیەو، ئەگەر یەکێکیش شتەکان لە زانایان‌و کتێبی مەزهەب‌و ڕێبازەکانەوە وەربگرێ‌و بەڵگەو گرۆڤەکانی قورئان‌و فەرموودە پشتگوێ بخات، ئەوا وەك ئەوە وایە کە دین‌و سەرچاوەی یاسادانانی پشتگوێ خستبێ).

بەمجۆرە، گوتاری دینی بەدۆزینەوەو هێنانەئارای (کەهنوت)ێك کۆتایی دێت، کە لە کاروبارەکانی دین‌و باوەڕدا نوێنەرایەتی دەسەڵات‌و مەرجەعی کۆتایی دەکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو لەم بوارەدا دەشگاتە سنووری سووربوون‌و پێداگرتن لەسەر پێداویستی وەرگرتنی زارەکی ڕاستەوخۆ لە زانایان.

لەبەرئەوە (لێکۆڵینەوە لە شەریعەت بەبێ مامۆستا، کەس لە مەترسیەکان ناپارێزێ‌و، لە کون‌و کەلەبەرو پەتایش بەدەر نیە...... ئەمەش وای لە زانایانی پێشین کردووە کە لەم جۆرە وەرگرتنەی زانست‌و زانیاری لەلایەن فێرخوازانەوە هەڵوەستە بکەن‌و بەئاگابن، هەر بۆیە ئەو زانایانە دەڵێن: (قورئان لە قورئانەکەی منەوە وەرمەگرەو، زانستیش لە کتێبەکەی منەوە وەرمەگرە).

ئەم نەسازان‌و ناکۆکیەی گوتاری دینی لەنێوان نکوڵیکردن لە بوونی (کەهنوت)، یان (دەسەڵاتی پیرۆز) لە ئیسلامدا - لەسەر ئاستی تیۆری‌و پراکتیکیدا - و لەنێوان سووربوون‌و پێداگرتن لەسەر پێداویستی جڵەوگرتنی ئەم دەسەڵاتەو وەرگرتنی واتای دین‌و باوەر بەتەنها لێیەوە - لەسەر ئاستی چەسپاندن‌و کردەنی-، وێنەنوێنی نەسازان‌و ناکۆکیەکی ترسناك دەکات‌و، چاڤگە بنەرەتی‌و گەوهەریەکانی ئەو گوتارەش لە بناغەوە هەڵدەتەکێنێ، هەروەك چۆن لەهەمان کاتدا سیماو سروشتی ئەو ئایدیۆلۆژیایەش ئاشکرا دەکات کە گوتاری دینی دەست لە نکوڵیکردن‌و قوتاربوون لێی هەڵناگرێ‌و، وەهاش بانگەشەی بۆ دەکات کە بریتیە لە (بابەتێتی)یەکی ڕەهاو تەواو داماڵراو لە (لایەنگیری)و هەواو ئارەزووە سروشتیەکانی ئادەمیزاد.

صابیئەی مەندائی

وەرگێران: مەلا ئیسماعیل نورەدینی
پێناسە: صابیئەی مەندائی تاکە تیرەی صابیئەی ماوەیە تا ئەمڕۆکەش، کەوا (یەحیا) بەپێغەمبەری خۆی دەزانێ، پەیرەوەکانی هەسارە وئەستێرەکان بەپیرۆز دەگرن ومەزنیان دەکەن. وە رووکردنە (تەوەرەی باکور_گیسك)یش قیبلەیانە هەروەها (تەعمید_خۆ شۆرین) لەئاوی لەبەر ڕۆیشتوو لەگرنگترین پایە ئەم ئاینەیە. کەوا زۆربەی شەرعزانە موسوڵمانەکان(سەرانە- جزبە) وەرگرتن لێیان بەکارێکی شەرعی دادەنێن وەکو (یەهودی ونەصار)یەکان بە(ئەهلی کیتاب ._خاوەن پەرتوك) یان دادەنێن

دامەزران وبەرچاوترین :کەسایەتیەکان
صابیئە مەندائیەکان بانگەشەی_ ئەوە دەکەن کە ئایینەکەیان .(دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی(ئادەم ریشەیان دەچێتەوە سەر(سام بن_ .(نوح) کەواتە ئەوان(سامین لاڤی ئەوە لێ دەدەن کە (یەحیاین_ زەکەریا) پێغەمبەریانەو بۆیان ڕەوانە .کراوە

یەکەمجار لە(قودس) نیشتەجێ_ بوون، لەدوای (زاین) لە(فەلەستین) دەرکراون وکۆچیان کردوە بۆ شاری (حەران) لەوێش کاریگەریان خستۆتە سەر دەوروبەرەکەیان وئەوانیش کەوتونەتە ژێر کاریگەری پەرستنی(هەسارە وئەستێرەکان) .(لە(صابیئە حەرانیەکان لە(حەران) یشەوە کۆچیان_ کردووە بۆ نیشتمانی ئێستایان لە(باشوری عێراق وئێران) و تاوەکو ئێستاکەش لەو دوو شوێنە بونیان .هەیە

کتربرا شێخ عبدالله بن شێخ سام_ کە ساڵی ١٩٦٩لەبەغداد نیشتەجێ بووە سەرۆکی روحیان بووە.کەوا لەساڵی ١٩٥٤لەخانویەك هەڵکەوتوو لەنزیك (بالوێزخانەی بەریتانی) لە .(کەرخی بەغدا) نیشتەجێ بووە
هزرو باوەڕییەکانیان
یەکەم: پەرتوکەکانیان: ژمارەیەك پەرتوکی پیرۆزیان هەیە کە بەزمانی نزیك بە(سریانی) نوسراوەتەوە کە : بریتی یە لە
کترارەبیا: واتە پەرتوکی مەزن، و لەوباوەڕدان کە (صحف_پەڕاوی ئادەم)ە، بابەت گەلێکی زۆری تێدایە سەبارەت بەسیستەمی دروستبوونی جیهان وکاری مرۆڤ ونزاو پارانەوە و چیرۆك کە لە(مۆزەخانەی عێراق) دانەیەکی تەواوی لێ بووە وساڵی .١٨١٥لە (کۆپنهاگن) چاپکراوە
دراشە ئیدیهیا: واتە ڕێنماییەکانی یەحیا، کە تێیدا ڕێنمایی یەکان وژیانی پێغەمبەر(یەحیا) لەخۆ .دەگرێ
فلستا: واتە پەرتوکی مارەبڕینی هاوسەری: کە پەیوەستە بە ئاهەنگەکان ومارەبڕین وشەرعی .ودەزگیرانداریەتی
سەد رەت ئیدن شمانا: کەباس لە(تەعمید_نقوم بون لەئاودا)و(بەخاك سپاردن)و(ماتەمینی) و گواستنەوەی گیان لەجەستە وپاشانیش بۆ جیهانی (للانوار)دەکات. کەلە (مۆزەخانەی عێراقی) دانەیەکی تازەی کەوا بە زمانی (مەندائی) نوسرابوو لێ .بووە
پەرتوکی دیونان : کەوا چیرۆك وژیان نامەی هەندێ لەکەسایەتیە(روحانیەکانیان) لەگەڵ وێنەکانیانی .تێدایە
پەرتوکی ئیسفرملواشە: واتە گوزەری بورجەکان بۆ زانینی روداوەکانی ساڵی ئاینده لەرێگەی .زانستی ئەستێرەناسی لەخۆ دەگرێ
پەرتوکی نیانی: واتە سرود ویادکردنەوە ئاینیەکان، کەلە (مۆزەخانەی عێراقی) دانەیەکی لی .بووە
پەرتوکی قماهازەهیقل زیوا: کە لە ٢٠٠٠ دێرێك هاتووە کەبە پەردەیەکی دادەنێن و لەو باوەڕەدان هەر کەسێ هەڵیبگرێ ئەوا چەك .وئاگر کاری تێناکات
تەفسیر بغرە: تایبەتە بە توێکاری جەستەی مرۆڤ وپێکهاتەکەی وخۆراکی گونجاو بۆ هەموو کەش وهەوایەك ئەوەی کە بۆ تیرەی .(مەندائی) دروستە
پەرتوکی ترسسرالف شیالە: واتە پەرتوکی ١٢ هەزار پرسیار. کە هەڵەکان لەرێ ورەسمەکانی ئاین .ورێگەی لێ خۆشبونیان دەگرێتە خۆ
دیوان تقوس التتهیر: پەرتوکێکە شێوازەکانی (تەعمید_خۆشۆرین لەئاوی لەبەر ڕۆیشتوو)دا. بەهەموو جۆرەکانیەوە لەشێوەی دیوانێك لەخۆ .دەگرێ
پەرتوکی کداواکدفیاتا: واتە .پەرتوکی دوعا ونوشتە

:خواوەند
لەرووی باوەڕەوە، باوەڕیان بەخودایەکی ئافەریدەکاری هەر هەبوو کەوا هەستەکان پەی پێ نابەن وهیچ .بونەوەرێکیش پێی ناگات هەیە

دوای باوەڕبوون بەخودای تاك وتەنیا(٣٦٠) کەس بەپیرۆز دەگرن ولەو باوەڕەدان کە بۆ ئەوە دروستکراون کاروکردەوەکانی خودایی ئەنجام بدەن. ئەو کەسانەش نەخوداو نەفریشتەن وهەموو کارێکی وەکو هەورو بروسکەوباران وساماڵ وشەوورژ بەرپا دەکەن هەروەها ئەو کەسانەی شتی غەیبی نادیاریش دەزانن، وە هەر یەکێکیشیان لەجیهانی (الانوار) .شوێنی تایبەتی خۆی هەیە

ئەو ٣٦٠کەسە وەکو تەواوی زیندەوەرەکانی تر دروست نەکراون بەڵکو خودا ناوی لێناون و دروستکراون ولەگەڵ تیرەی خۆیان هاوسەرگیریان ئەنجام داوەو زاوزێش دەکەن بەو شێوەیە هەر یەکێکیان بە وشەیەك بەژنەکەی خۆی دەڵێ ویەکسەر دوو گیان دەبێ و وەچەیەکی وەکو خۆیان لەدایك دەبێ . لەو باوەڕەدان کە هەسارەکان شوێنی نیشتەجێ بونی فریشتەکانن،هەر لەبەرئەوەشە .مەزنیان دەکەن وبەپیرۆزیان دەگرن

مەندی
مەندی) بریتی یە لەپەرستگەی) (صابیئەکان) کە پەرتووکە پیرۆزەکانیانی تێدایە،و لەناویشیدا (تەعمید)ی پیاوانی ئاینی بەرێوەدەچێ، پەرستگەکەشیان لەسەر کەناری روبارێکی لەبەر رۆیشتوو دروست دەکەن، کە دەرگایەکی دەبێ وروو لەباشورە بەجۆرێك کە لەناوەوە (ئەستێرەی تەوەرەی باکور)ببینرێ، دەبێ ئاوەرۆیەکیش هەبێ بەئاوی روبار بگات، وبەر لەئێوارەش نابێ بچێتە ناوی ودەبێ لەکاتی کارکردندا .ئالای (یەحیا)ی لەسەر بچەقێنرێ

ئەرکە ئاینیەکانیان
نوێژ لەرۆژدا سێ جار ئەنجام_١ دەدرێ، بەر لە خۆرهەڵاتن، نیوەرۆ بەر لە خۆرئاوابوون و دروستە لەرۆژانی یەکشەمان و رۆژانی جەژنەکان بەجەماعەت بکرێ، نوێژەکانیان چەمانەوە(رکوع)و دانیشتنی لەسەر زەوی تێدایە بەبێ کرنوش بردن بەسجود. نزیکەی(یەك .کاتژمێروچارەکێك)یش دەخایەنێ
لەمیانەی نوێژکردندا_٢ نوێژکەرەکە روو لە هەسارەی(گیسك) دەکات بەجل وبەرگی خاوێنەوە. پێیەکانیشی دەکاتەوە وحەوت شتیش دەخوێنێتەوە کە تێیاندا ستایشی خودا دەکات ودەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکات و داوای ئاسانی گەیشتنی بەجیهانی (الانوار)ی لێ .دەکات
رۆژوو: صابیئەکانی ئەمرۆ_٣ رۆژوو حەرام دەکەن لەبەرئەوەی لەباشی ئەو شتە حەرامکراوانەدا خودا حەلاڵی کردووە. بەلام ٣٦رۆژبەدرێژی ساڵ وبەجیاجیا خواردنی گۆشتی .رێگەپێدراو لەخۆیان قەدەغە دەکەن
پاکژی: لەسەر نێرومێ بێ_٤ :جیاوازی پێویستە
پاکژیش بەئاوێکی زیندووی_ کەلەرێرەوی سروشتی خۆی نەپچرابێ .ئەنجام دەدرێ
تاوانکردن پێویستی_ بەپاکژبوونەوەیە، ئەویش بەخۆنقووم کردن لەئاودا سێ جار.لەگەڵ هێنانی نیەتی خۆشۆرین بەبێ خوێندنەوەی هیچ شتێ چونکە لەسەر تاوان .ناگونجێ
لەساتی خاوبوونەوە لەئاودا_ پێویستە دەستنوێژیش بشۆردرێ کە پێویستییەکی هەموو نوێژێکە بەجۆرێك کە کەسەکە دەبێ رووبکاتە ئەستێرەی تەوەرولەشێوەی دەست نوێژی موسوڵمانانیش دەست نویژ دەشوا لەگەل کردنی هەندێ نزای تایبەتی. ئەو شتانەی دەست نوێژیش بەتاڵ دەکەنەوە: میزوپیسایی کردن، تر، دەست بەرکەوتنی ئافرەتی .حەیزدارونێرەموك

:تەعمیدوجۆرەکانی
_تەعمیدکردن بەگرنگترین پایەکانی ئەم ئاینە دادەنرێ وتەنها دەبێ لەئاوێکی زیندووشدا ئەنجام بدرێ وهیچ رێ ورەسم وسروتێکی ئاینیشی بەبێ خاوبوونەوە لەئاودا ناکرێ ئەگەر هاوین بێ یان زستان بەم دواییانەش پیاوە ئاینیەکانیان خۆشۆرین لەحەمام وسەروچاوە ئاوەکانی کانیان بۆ دروست حەڵاڵ کردون کە پاکژی .پێ ئەنجام بدەن
پێویستە(تەعمید)یش_ لەبارەکانی لەدایکبوون، هاوسەرگیری،عیمادی بەکۆمەل وعیمادی جێژنەکان بەم شێوەیەی :خوارەوە ئەنجام دەدرێ
لەدایك بون: دوای ٤٥رۆژ_١ لەدایك بوون (تەعمید) بەمنداڵ دەکرێ. تاوەکو لەپیسی لەدایك بون پاك بێتەوە، کە منداڵەکە دەخرێتە ئاوێکی لەبەر رۆیشتوو تا ئەژنۆکانی و روشی دەکرێتە ئەستێرەی تەوەر وئەنگوستیلەیەکی سەوز لەماددەی .(ئاسن)یش دەخرێتە دەستی
عیمادی هاوسەرگیری:_٢ لەرۆژی یەکشەممە، دا وبەئامادەبونی (تریدە وکتربرا)ئەنجام دەدرێ بەسێجار خۆ هەڵکێشان لەئاودا لەگەڵ خوێندنەوەی پەرتوکی (فلستا) وبەجل وبەرگێکی تایبەت ئینجا بوك وزاواکە لە شەربەیەکی پری ئاو روبار دەخۆنەوە کە پێی دەوترێ(مەمیوهە).ئینجا لەبەری دارێك کە پێی دەوترێت(ددم)دەخۆن وناوچەوانیشیان بەرۆنی کونجی چەور ..دەکرێ